# سوپاس بۆ تۆ "مەلا " لە هەڵەبجەکەی قامیشلی و جیهادەکەی جیهاد دا.

## کازیوە ساڵح.

هەمیشە بەهار و ئازار کارەساتی گەورە و باش و خراپی بۆ گەلی کوردبە دیاری پێیە, ئەو گەلەی بە زوڵم و زۆرەکانی سیاسەت و گەلە شۆفێنیەکانی دراوسێی دەمێکە راهاتوە و ئێستاش گەیشتوە بەو بڕوایە کە چی دی گفتوگۆوە و سازشکردن بە شێوەی شارستانیانە لەگەڵ سیاسەتێکی شۆڤێنیانە, ناشارستانیانە , نامرۆڤانە ئاسنی سارد کوتینە , ئەوە ئەو دەرئەنجامەیە کە گەلی کوردی چەوساوەی ژێر دەسەلاتە تۆلیتاریەکەی سوریا پێی گەیشتوون .لە میانەی یاریەکی تۆپی پێیەوە هەموو هەناوی رەشی خۆیان بە سەر کوردی ئەو ناوچە داگیرکراوەدا رشت, لە کاتێکدا ئەوە یەکەم جار نیە رووبەڕوی ئەو یانەیە دەبنەوە, من خۆم پێشتر زۆر جار ئەو مەسەلەیە لە سوریادا سەرنجی رادەکێشام بە تایبەت لە بەر ئەوەی برایەکم یاریزانە و لە سوریا لەگەڵ مندا بوو , پاش ئەدەب و هونەر ئاگام لە وەرزش بوو, یەکەم چالاکی و فاکتەری سەربەرزکەر بۆ گەلی کورد لە لایەن کوردەکانی ژێر دەسەلاتی ئەو دەڤەرە ناوی یانەی تۆپی پێی" جهاد " بوو , ئەم ناوە هەمیشە دووبارە و دەبارە دەبوەوە و ئازایەتی و توانای ئەو یانەیە بوو ,لە هەموو روویەکەوە و کە بەعسی ئەویَی ئستفزاز دەکرد, لە

هەمووشیان گرنگتر لەو رووەوە کە هەموویان کورد بوون و خەڵکی یەك ناوچە بوون , هەر لەبەر ئەوەش بوو کە حکومەتی سوری هیچ هاوکاریەکی نەدەکردن و هەمیشە لە یاریەکانیاندا لەگەڵ یانە بەعسیەکاندا تووشی کێشە دەبوون بەوەی کە یانەکانی تر یاریان لێ نەدەبردنەوە لە کاتێکدا یانەکانی تر یاریزان و راهێنەریان لە بەرازیل و غاناوە هێنابوو,بەڵام توانایان لە ئاستی یانە بێ درامەتە کوردیەکەدا نەبوو , هەموو جارێ بە دۆڕاوی دەگەڕانەوە , بۆ ئەوانی بەعسیش ئەوە هەست بە کەمی کردن بوو چونکە ئەوان بە عەقڵی خۆیان لە کورد زیاتر و بە توانا تر و باشترن , هەر بۆیە هەتا زیاتر دەدۆڕان ئەو یانەیەش زیاتر بەر لافاوی بێ شەرمی چەوساندنەوە و توڕەبوونی ئەوان دەکەوتن , ئێستاش وا ئێرەیی بردن بە هەمان یانە دەکرێت بە بیانوو بۆ جینۆسایدی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و بە بیانووی ململانیەی نێوان جەماوەری دوو یانە و کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان دەدرێنە بەر رێژنەی گوللە, یادی بەختەوەریەکانی فیدراڵی و کارەساتی جەرگ بڕی هەڵەبجەیان لێ دەکرێت بە هەڵەبجەیەکی تر و کۆستێکی تر, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتی و کارەسات و غەمەی کە بۆ شەهیدان و بریندااران و گیراوانی قامیشلی دەمانچەمێنیتەوە هێندەش ئەو هەڵوێستە یکگرتوەی کورد بەرابەر ئەو دڕندە مرۆڤ کوژەی ئەوێ مایەی بەختەوەریە بە تایبەت ئەو پارچەیەی کوردستان لە رووی مێژووییەوە کەمتر هەلی راپەڕین و شۆڕشی بۆ رەخساوە لە بەراورد دا لەتەك پارچەکانی تری کوردستاندا ...ئێستاش ئەو پلانەی دانرابوو بەر لە یارییەکە کە ئەو یاریگایە وەکو مەکۆی خڕبوونەوەی کوردەکان بقۆزنەوە تەنها بۆ ئەوە بوو بزانن ئایە کوردەکانی رۆژئاوا , چی دی ملکەچی فەرمانە دڕندانەکانیان دەبن یان لە ئامادەباشیدان بۆ مافی خۆیان , سەر شۆڕی و سوکایەتیان جارێکی دی قبوڵە یان لێرەدا پاش فیدراڵی باشوور ئەڵێن تا ئێرە بەسە بۆ دەستی رەشی بەفس, بزانن ئایە تا چەند بەو هەندە ئازادییە کەمە ی باشور بەختەوەرن و ئامادەن بە ختەوەریەکانی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن , بۆیە ئەو کاردانەوەیەی کوردەکانی ئەوێ زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو , زۆریش جێگەی شانازییە ئەو

خـوێن گەرمیـە ئێسـتا جـەماوەری تـۆڕەی ئـەو ناوچـەیەی گرتـوە بـە قسـەی دبلۆماتی سارد بکرێتەوە و نەگەن بە مافەکانی خۆیان .

بە پێی نامەی هەندێ هاوڕێی ئازیز کە رۆژانە ئاگاداری هەواڵەکانم دەکەن لە قامشلییەوە "مەلا " کان یەکەم کەس داوایان لە خەڵك کردوە کە راپەڕن و کاردانەوەیان بەرابەر ئەو هەڵویستەی بەعسی شۆڤێنی هەبێت , ئەمە ئەو خاڵەیە کەمن بەختەوەر دەکات لەم کارەساتە جەرگ بڕەدا , ئەویش ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار مەلای کورد داوا بکات بەر بە داگیرکەر بگرن و مەسەلە نەتەوەییەکانی پێش مەسەلە ئاینیەکان دەخات و لەگەڵ ئەوەی چیرۆکی من و" مەلا " تراژیدیە و هەرگیز دانوومان بە یەکەوە ناکوڵێت , بەڵام بۆ یەکەم جار ئەو" مەلا " یانە وام لێدەکەن بڵێم سوپاس بۆ ئێوەی مەلا , سوپاس بۆ ئەو هەستەی وایلێکردن ئەو داوایەتان بەرامبەر بە خەڵکی هەژاری ئەو ناوچەیە هەبێت کە لە سەرجەم خزمەتگوزاریەکان بێ بەشن , تەنها ناوچەیەك لە سوریادا کە لە رووی تەندروستی و زانستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و هەموو لایەنە مرۆیەکانەوە هیچ بایەخێکی پێ نادرێت و بە تەواوی پشت گوێ خرابوو ئەو ناوچەیەی رۆژئاوای کوردستان بوو ئێستاش بۆ یەکەم جار بە یاخی بوونێك وەڵامی دەست درێژیکردنەکان دەدەنەوە شیاوی ستایش و هاندانە ,لەوانەیە ئەم یاخی بوونە ببێت بە هەوێنی راپەرشینێکی سەرتاسەری ئەو بەشە داگیرکراوەش ئازاد ببێت , ئەگەر هەڵویستی مەلا بوو بە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار بەو توندیە رووبەڕووی بەعسی فاشی سوری ببنەوە و پەیکەری زۆردار و ئاڵایان برۆخێننە خوارەوە و ئاڵای کوری لە شوێنیدا بشکێننەوە ,دەم کوتی ئەو فاشیستانە بکەنەوە کە بە دەعبای لە کون دەرهێنراو و سەدام دا هەڵبدەن , دروشمی کوردستان و داواکانی کوردی تێدا بەرز بکرێتەوە , ئەوە ئەم جارە مەلا هەمووەمانیان قەرزاربار کرد و وامان لێ دێت بڵێین خۆزگە سکرتێرە حزبیەکانی باشووری کوردستانیش سەرجەمیان دەبوون بە مەلا ( بەڵام مەلای وەکو ئەوانەی قامیشلی ) بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی خۆیان پێش بەرژەوەندیە نەتەوایەتی و جەماوەرییەکان نەخستایە .